

# تەوەری رەخنە

**تا ئێستا رەخنەی ئەدەبیی ئێمە نەیتوانیوە تێگەیشتنێکی زانستیو ئەکادیمیی هەبێت بۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی، بەشێوەیەك لە شێوەکان ئاستی رەخنەی ئەدەبی وەکو پێویست نییەو بە ئەرك‌و وەزیفەی خۆی هەڵنەستاوە، لە بەشی یەکەمی تەوەری رەخنەدا قسەو باسێکی چڕو پڕو هەمەلایەن لەسەر غیابی رەخنە کراو تیشك خرایە سەر ئاستی لاوازیو نەبوونی رەخنەی میتۆدی، لەم بەشەشدا هەر یەك لە: (یوسف عیزەدین، ئەحمەدی مەلا، کەمالی ئەمینی، ئاوات محەمەد) قسە لەسەر رۆڵی رەخنەی ئەدەبی دەکەن، کە تا ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی چالاکانە هاوشانی دەقی ئەدەبی هەنگاو بنێت...**

**ئا: ئیدریس عەلی**

**یوسف عیزەدین: "دەبێت بابەتێکی رەخنەیی لە روویەکەوە بەمەبەستی خستنەرووی هەموو ئەو هێزە شاراوانەی کە لەنێو دەقەکەدا خۆیان حەشارداوەو بەئاسانی نابینرێن بنووسرێت"**



کارلۆس فۆینتس دەڵێت: دەکرێت بڵێین سێرڤانتێس‌و کۆلۆمبس دوانەن، چونکە هەردووکیان دوو شتی زۆر گرنگیان دۆزیوەتەوە، بەڵام هەر دووکیشیان بەبێ ئەوەی پەی بە حەقیقەتی ئەو شتە بەرن کە کەشفیان کردووە، ئەم دنیایەیان جێهێشتووە. کۆلۆمبس بەرەو رۆژئاوا کەوتەڕێ‌و پێی وابوو گەیشتۆتە رۆژهەڵات!.. سێرڤانتێس-یش وای دەزانی کە تەنها رۆمانێکی رەخنەیی تەنزئامێزی دژ بە رۆمانی سوارچاکیی باو و تەقلیدیی سەردەمی خۆی نووسیووە، ئیدی نە کۆلۆمبس بەوەی زانی کە ئەمریکای دۆزیوەتەوەو نە سێرڤانتێس-یش لەوە خەبەردار بوو کە بناغەی رۆمانی هاوچەرخی داڕشتووە.

تەنانەت لەو سەردەمەی کە (دۆن کیخۆتە)ی تێدا بڵاوبۆتەوە، نە خوێنەرانو نە رەخنەگرانیش لە باکگراوندو جۆری ئیشکردنو پەنهانەکانی ئەو دەقە حاڵی نەبوون، تەنها وەك دەقێکی کۆمیدیو تەنزئامێز تێیان روانیوە، هەر بۆیە خوێنەرانی دۆن کیخۆتە بۆ خستنە پێکەنینی ئامادەبووان، لەنێو مەجلیساندا بەدەنگی بەرز دەقەکەیان خوێندۆتەوە. ئیدی ئەم دەقە پاش زیاتر لە سەدەیەك لە نووسینو بڵاوبوونەوەی

لەلایەن خوێنەرانو رەخنەگرانەوە هەر بەو چاوە تەماشا دەکرا، تا شاعیرو رەخنەگری ئەڵمانی (هاینە) خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ دۆن کیخۆتە کردو سێرڤانتێس-ی وەك بلیمەتێك بە دونیا ناساندو رەوتی تێڕوانینو خوێندنەوەی خوێنەرانی ئەو دەقەی گۆڕیو وای لە خوێنەرانی ئەڵمانیو دواتریش خوێنەرانی دونیا کرد، کە لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا لە جێی ئەوەی پێبکەنن، بگرین. ئاشکرایە کە مەوجودیەتی دۆن کیخۆتە وەك دەقێکی زیندوو دەبێتە مایەی ئاوڕلێدانەوەی هاینە، چونکە سێرڤانتێس زانیبێتی یان نەیزانیبێت کەسایەتی سوارچاکێکی خوڵقاندوە، کە لە راستیدا یەك کەسایەتی نییە، چونکە کاتێك لەژێر پەردەی شێتییەوە هەموو پێودانگو یاساو رێساکانی کڵێسە سەرەوژێر دەکاتو هێرش دەکاتە سەری، لەهەمانکاتدا خۆی وا دەردەخات کە پابەندی هەموو ئەو یاساو رێسا تەقلیدیانەی کڵێسایە. کارلۆس فۆینتس دەڵێت: (دیارە هیچ دەقێك لە کاتی نووسینەوەیدا حیسابو کیتابی بۆ ناکرێت، دەق بۆ خۆی ئاراستەی خۆی دەدۆزێتەوەو بە باڵەکانی لە شەقەی باڵ دەداتو خودی نووسەرەکەی دەخاتە پەراوێزەوەو دەیسڕێتەوە). جا رەنگە یەکێك لە ئیشکالەکانی رەخنەی کوردی لەوەدا بێت کە کەمجار نووسەرانی رەخنەو ئەوانەی خوێندنەوە بۆ دەقێك دەکەن دەتوانن بەگژ ئیگۆ-ی خۆیاندا بچنەوە تا بتوانن دیوە پەنهانو نهێنییەکانی دەق ببینن، چونکە ئیگۆ لەمپەڕی بینینو راڤەکارییە، هەر بۆ نموونە توانای بینینو هەستکردنی مەتەسەویفەکان بۆ ئەو شتانەی کە ئێمە نایانبینینو هەستی پێ ناکەین، لە ئەنجامی پێکدادانو کێشمەکێشی ناوەکیی ئەواندا بەمەبەستی رەتکردنەوەی ئیگۆ دێتە بوون.

دەکرێت لێرەدا (بونیاد)ی (محەمەد نوری ئەحمەد) بە نموونە بهێنمەوە، کە (ژانی گەل)ی کردۆتە نموونەی خوێندنەوەیەکی جوانو جدی لە میانی رەتکردنەوەی ئەو ئیگۆ-یەی کە نابێت لە کاری رەخنەکاریو خوێندنەوە بۆکردنی دەقێکدا، بەسەر نووسەرەکەیدا زاڵ بێت.

(محەمەد نوری) لە (بونیاد)دا توانیویەتی شتێکی جوداو جیاوازمان پێبڵێت، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە پێشتر کاری جدیی لەسەر بکات، ئەگینا مانەوە لە تەقلیدییەتی خوێندنەوەو کارکردنی رەخنەییدا، هیچ بەهایەکی نییە لە رووی ناساندنی راڤەکاریانەی دەقێك، ئەگەر خودی ئەو دەقە بۆ خۆشی دەقێکی زیندوو و جوان بێت. تۆ ئەگەر لە کردەیەکی رەخنەکاریدا ئیگۆ-ت زاڵبوو، ئەوە بێگومان خوێنەر لە پانتاییەکی داخراودا هەڵدەسورێنێتو لە جێی والاکردنی دەرگاکان، دەرگاکانی لە روو دادەخرێتو پرسیارکردنی لەلا دەکوژێتو ناهێڵێت هەناسە بدات. دیارە رەخنە کارێکی ئیگۆ-زاڵ دەق دەباتە نێو خۆییو لەوێوە بە تۆی دەناسێنێت، لەکاتێکدا دەبێت ئەمە بەپێچەوانەوە بێت، رەخنەگر وەك موغامیرێك رابەرایەتی خوێنەر بکات بۆ نێو تۆپۆگرافیای دەقو لەوێوە بڕوانێتە دیوە پەنهانو شاراوەکانی دەقەکەو لەگەڵ کەشفکردنی هەر شتێکی نوێو سەیرو سەمەرە، پێش ئەوەی خوێنەرەکەی سەرسام بکات، دەبێت بۆ خۆی سەرسام بووبێت. ناکرێت تۆ بە پێودانگێکی پێشینەو حازر بەدەستو تەقلیدی خۆت بۆ تەقدیسکردنی ئەو دەقەش هەبێت، چونکە هەموو جۆرە تەقدیسکردنێك ئەگەر خودی دەقەکە زیندوووش بێت، دواجار دەیکاتە دەقێکی مردوو، لە کاتێکدا دەبێت دەرگاکانی خوێندنەوەت بۆ بخاتە سەر پشتو سەرپشکت بکات لەوەی کە بۆ خۆشت دەیان شتی تێدا ببینیتەوە.

تۆ بڕوانە هەموو ئەو دەقانەی کە مەرجەعە ئاینییەکان تەقدیسیان کردووە، دەبینیت لە دونیای خوێندنەوەو راڤەکاری براوەتە دەرو بۆتە دەقێکی مردوو، کە تەنها دەبێت بەبێ پرسیارکردنو چەندوچوونو لێخوردبوونەوە ئەزبەرە بکرێت، ئەگینا ئەو دەقانە بۆ خۆیان لە زۆر شوێندا شتی وایان تێدا

دەبینیتەوە کە مەحاڵە پێی سەرسام نەبیت. من وەك خۆم لە دەقێکمدا کە هێشتاکە بلاَوم نەکردۆتەوە، لە میانی بینینی دیوێکی دیکەی بەسەرهاتی (ئەسحابولکەهف)ەوە نەزانراوێکی ئەوانم تەوزیفکردووە، کە ئەویش خەوتنو خەونەبینینیانە، چونکە ئەوان چەندین ساڵ دەخەونو خەوننابینن، بەلاَم کە بەئاگادێنەوە وەك خەون دەڕواننە دنیایەك کە ئەوان پێشتر خەونیان پێوە بینیوەو هەر کە دەکەونە واقیعی ئەو دنیایەوە یەکێکیان کە بەمەبەستی کڕینی خواردنو خۆراك بۆ هاوڕێیەکانی پارەیەکی چەندان ساڵ لەوەوپێش دەردەهێنێت، تووشی گرفتو سەرئێشە دەبێتو زۆر وردەکاریی تر، کە دواجار نامۆبوونیان بەو دنیایەی کە پێشتر خەونیان پێوە بینیوەو ئێستا بە چاوی خۆیان دەیبینن، دەبێتە مایەی ئەوەی وەك رێگە چارەیەك پەنا بۆ مەرگ ببەن، تا لەو زەمەنەی کە تێیدان بچنە دەرێو بگەڕێنەوە بۆ عەدەم، کە لە روانگەی ئەوانەوە گەڕانەوەیە بۆ زەمەنێکی پێشووتری ئەو زەمەنەی کە تێیدان، چونکە لەو زەمەنەدا هەموو ئەوانە هەن کە ئەوان ناسیویانن، تەنانەت ئەگەر مردبێتیشن لە ئێستای ئەواندا، جا بۆیە دەقیش بۆ خۆی هەوڵدانێکە لەلایەن نووسەرەکەیەوە بۆ راڤەکردنو بینینی دیوی شاراوەی شتەکان، دەبێت نووسەر بە دونیایەك پرسیارەوە بنووسێتو بە دونیایەك پرسیاریشەوە دەست لە دەقەکەی هەڵبگرێت، کاری خوێنەریش لەدوای ئەو دەستهەڵگرتنەی نووسەرەوە دەستپێدەکات، بەهەمان شێوە رەخنەکاریش چونکە سادەترینو ئاڵۆزترین پرسیار، دەستپێكو کۆتایی دەقە، گرنگ ئەوەیە تۆ پێش ئەو دەستپێكو دوای ئەو کۆتاییەو لە نێوەڕاستی ئەو دەستپێكو کۆتاییەدا چی دەبینیت؟.. ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر روانیتە تۆبۆگرافیای دەقەکە، ئەگینا دەقی زیندوو هەموو کارکردنەکەی دەکەوێتە پشت دەقەکەوەو زۆرجار پانتاییەکی بەرفراوان داگیردەکات کە لەگەڵ تۆبۆگرافییەتی خودی دەقەکە جیاوازە، چونکە تۆبۆگرافییەتی دەقەکە کەرەستە بەکارهاتووەکان لە دروستکردنیدا دیاریدەکەن، بەلاَم ئەوەی دەکەوێتە پشت دەقەکەوە زیاتر پەنهانو نهێنییەکانە لەوەی کە پانتاییەکی دیاریکراوی نێو سنوورەکان بێت. بۆیە دەبێت بابەتێکی رەخنەیی لە روویەکەوە بە مەبەستی خستنەڕووی هەموو ئەو هێزە شاراوانەی کە لەنێو دەقەکەدا خۆیان حەشارداوەو بە ئاسانی نابینرێن بنووسرێت، ئەگینا ئەگەر بابەتێکی رەخنەیی تەنها بە مەبەستی دووبارە خستنەڕووی هەموو وێنەو دیمەنو هێماو سیمبۆلە بەرجەستەکانی نێو دەقێك نووسرابێتو تەنها بووبێتە ئاوێنەیەکی ئەوەی کە لە ڕووکەشی دەقەکەدا هەیە، بەواتایەکی تر تەنها دەقەکەی وەك خۆی بۆ ئێمە نەقڵ کردبێتو هەوڵی ئەوەی نەدابێت بابەتێکی جوداو جیاواز بخاتە پێش چاومانو بەرجەستەکردنێکی زەینیی جوداترمان لا بخوڵقێنێت، ئەوە بێگومان نەبوونی باشتر لە بوونی، چونکە رەخنە حیکایەتو گێڕانەوەی دەق نییە، شتێك نییە بکەوێتە پەراوێزی دەقەوە، وێنەیەکی مردوو نییە، بەڵکو شتێکە دەبێت بۆ خۆی هەبێتو لە جێی ئەوەی زانراوەکانت بەسەردا بسەپێنێتو بتگەێنێتە یەقین، بەپێچەوانەوە عەودالّی گەڕانت بکات بەشوێن نەزانراوەکانداو رووبەڕووی نایەقینت بکاتەوە، دەبێت نەتباتە نێو یەکێك لە قاڵبەکانی تێڕوانینو تووشی دۆگمای خوێندنەوەت نەکاتو پێشوخت هیچت بەسەردا فەرز نەکات. بەڕاستی کەموکورتییەکی بەرچاو لە دنیای رەخنەکاریی کوردیدا دەبینرێتەوەو دەبێتە مایەی پرسیارکردنمان.. دەبێت چەند رەخنەو خوێندنەوەی جدی دەرهەق بە دیوە شاراوەکانی، دنیای جوانی شاعیرانێکی وەك، (نالیو مەحویو شێرکۆ بێکەس)و زۆرێك لە شاعیرە جدییەکانی ئێمە کرابێت؟! یان دەبێت رەخنەگرانی ئێمە چەند خۆیان لە وێزەی خوێندنەوەوی کەشفکردنی پەنهانو نهێنییەکانی دنیای ئەو چیرۆکانە دابێت، کە چیرۆکنووسانێکی کورد لە میانی ئەزموونە تایبەتیو پڕ

پرسیارەکانی خۆیانەوە هەوڵی خولقاندنیانیان داوە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە چیرۆکەکانی نووسەرێکی جدیو بەتوانای وەك (شێرزاد حەسەن) بدەین، کە نەك هەر جوانیو تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە، بەڵکو خودی چیرۆکەکانی وەرچەرخانێکە لە دنیای چیرۆکی کوردیداو دەکرێت وەرگێڕەکانمان لە میانی وەرگێڕانییەوە بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دنیا، وەك نموونەیەکی جوانی ئەدەبیاتی کوردیمان بە خوێنەری غەیرە کوردی بناسێنن.

نازانم چی لەسەر جدیەتی کارەکانی (بەختیار عەلی)و دونیای جوانی چیرۆکەکانی (کاروان کاکە سوور)و زۆرێکی تر لەو کەسە جدییانە نووسراوە، کە بە حورمەتەوە دەڕواننە کردەی نووسین، رەنگە لێرەو لەوێ لەمیانی هەوڵدانێکدا خوێندنەوەی باش هەبێتو نووسرابێتەوە، کەم تا زۆر شتێك بڵاوکرابێتەوە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە ئاخۆ ئەمانە لەئاست پێویستدان یان نا؟!

تۆ بڕوانە رەخنەگرێکی وەك (روبن رابینۆڤیتس) راڤەکاری کاراکتەرەکانی نێو دەقەکانی (بیکێت) دەکاتو (لاورا سیراتۆ)ش لەو رووەوە خۆی لە راڤەکردنی دەقەکانی (بیکیت) دەدات، کە ئاخۆ مۆدرێنیستە یان پۆستمۆدرێنیستە، لە کاتێکدا (چارلس.ر. لیۆنس) تەنها لەسەر رەگەزی مێینەو نێرینەی نێو دەقەکانی بیکیت لەڕووی جیاکاری دەنگەوە، راڤەکاریی خۆی دەخاتە روو. بەڵام لای ئێمە نەك هەر ئەو چەشنە کارکردنە نابینینەوە، بەڵکو زۆرێك لە رەخنەگران هەر بێئاگان لە زۆر دەقی کوردی، یان بەئاگانو خوێندنەوەیان بۆ نەکردووە، لە کاتێکدا هەندێك جار زۆر دەقی مردوو و ناشرین دەبێتە جێی قسەوباسو چەندان خوێندنەوەو راڤەکاری بۆ جوانکردنیو بەزیندوو پیشاندانی دەکرێت.

کاتێك دەڕوانیتە کتێبی (کوردەکان)ی مەهرداد.ر.ئیزەدی، کە دیارە خودی نووسەری ئەو کتێبە تا ماوەیەکی نزیکیش مامۆستای مێژوو و زمانە رۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی (Harvard) بووە، لە کۆنگرێسی ئەمریکیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد، دوو جار گوێ لە راوبۆچوونەکانی گیراوە، یەکێك لەو نووسەرانەی کە لە رۆژنامەکانی (Kurdish Times)و (Middle East Journal)دا زۆر بابەتی گرنگی لەسەر کورد بڵاوکردۆتەوە ئەمە جگە لە کتێبەکانی، جا ئەو نووسەرە لە کتێبی (کوردەکان)دا باس لە گرنگێتیی چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائب دەکات، لەڕووی ئەو رەخنانەی کە رووبەڕووی دەسەڵاتی ئەو سەردەمەی (شێخ مەحمود)ی دەکاتەوەو تەنانەت ئاماژە بەو کێشەیەش دەکات کە لەسەر ئەو چیرۆکە دێتە گۆڕێو لە دەرئەنجامیشدا مامێکی جەمیل سائب دەکوژرێت.

بێئاگابوونی زۆرێك لە خوێنەرانی کورد لەو چیرۆکە، شتێکی ئاسایی نییەو مایەی هەڵوێستەکردنە، بەتایبەت ئەگەر وەك یەکەمین چیرۆکی کوردی تێی بڕوانین کە مێژووەکەی زۆر کۆن نییەو دەکرا لە جێی چاپکردنی چەندان کتێبی ناشرین، ئەو چیرۆکە چەندان جار چاپکرابایەوە، چونکە بەدەر لە دنیای چیرۆکەکە، تێڕوانینو تەسەورێك هەیە کە ئەو چیرۆکە وەك چیرۆك سەیر ناکاتو ئەوەی پێ قبوڵناکرێت کە شتێك هەبێت لە دەرەوەی دنیاکەی ئەوەوە بەچاوی رەخنەوە بڕوانێتە دنیای ئەو، پێی ئەستەمە ئەمە لە دەقێکدا بەرجەستە بکرێت.

بۆیە بوون یان نەبوونی بابەتی جدی، راڤەکاریو خوێندنەوەی رەخنەیی زۆرجار تەنها پەیوەست نییە بە خودی ئەو کەسانەی کە بەو کارە هەڵدەستن، چونکە تۆ بارێك پێشینە تێڕوانینو دۆگماو دنیایەك گۆشەنیگای تەقلیدیو تاك رەهەندیی راڤەکاریو کلۆمدانی دەرگای پرسیارەکان لەنێو خودی کولتوورو فەرهەنگی میللەتەکەتدا هەیە، کە بەچەشنی رۆژئاوا رێنیسانسێك لە ساتەوەختێکی مێژووییدا هەموو ئەمانەی نەخسۆتە ژێر پرسیارەوەو سەروژێری نەکردوون. دونیایەك تابۆو حەرامت هەیە کە نێوەندێکی مردوو بۆ دەقو رەخنە

دەسازێنن، لە ئێستاشدا گەرچی زۆرجار رووکەشیانە دیارنین‌و خۆیان وەپەنا داوە، بەلاّم هەر ئەوەندە دەزانیت لەسەر بچوکترین تەجاوزی نووسەرێك دونیایەك هەلاّو هەنگامە دروست دەبێت، یان رەخنەگرێك کە دێت‌و شتێکی جیاوازو نوێ سەبارەت بە دەقێك دەڵێت دونیایەك داوەڵو کەسانی مۆمیاکراو لە رووی دەبنە بوونەوەری زیندوو.. بەلاّم دواجار خولّقاندنی دەقی زیندوو بۆ خۆی موجازەفەیەو دەبێت نووسەرەکەی موغامیر بێت، ئەگەر وەك سێرڤانتێس–یش بکەوێتە بەر نەفرەتی مەرجەعی ئایینی، کە جگە لەو پێنج ساڵەی کە لە جەزائیردا زیندانی بووە، لەنێو خودی ولاّتی خۆیدا چەندین جار بە تۆمەتی سەیروسەمەرەی دوور لە راستییەوە زیندانی کراوەو بەشێکی زۆری ژیانی لە پشت قەفەسە ئاسنینەکانەوە بردۆتە سەر، بەلاّم هەر ئەویش بوو کە توانیی کەسایەتیی (دۆن کیخۆتە) بخوولّقێنێت، کە بە رای (ئەمریکۆ کاسترۆ)، دۆن کیخۆتە شێت نییە، بەڵکو مرۆڤێکە لەم دنیایەدا دەیەوێت بە دەستی خۆی قەدەری خۆی دیاری بکات‌و تا پێشی بکرێت دەست لە شتەکان وەربدات‌و بیانگۆڕێت.

**ئەحمەدی مەلا:**



رەخنە وەکو زانستێکی مرۆیی لە مێژووی ئەدەبی کوردی تەمەنی زۆر نییە. ئێمە لەم رووەوە زەخیرەیەکی وامان بۆ بەجێنەماوە بە کەلەپووری رەخنەیی ناوی بەرین. لە سەرەتای حەفتاوە، مەبەستم لەو سەردەمەی کە ئیتر نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی چووە قۆناغێکی دیکەوە و گۆڤار و رۆژنامە و کتێب بە شێوەیەکی سیستیماتیزە کەوتنە بەردەستی خوێنەران و لە رێگای کولتووری ئەویترەوە، پرسیاری ئەوەمان لەخۆکرد: ئایا کورد رەخنەی هەیە؟ تائێستاش ئەم پرسیار یەخەمان دەگرێت. وەلاّمی ئەم پرسیارە رێک و راست پەیوەندیی بە بەرهەمی ئەدەبی و ئیستێتیکیمانەوە هەیە. ئایا بە زمانی کوردی لەم سەد ساڵەی دوایی چی شاکارێکمان نووسی؟ چ رێبازێکی هونەری و ئەدەبیمان داهێنا؟ چ سەرنجێکی رەخنەییمان لەلای خۆمان تۆمار کرد؟

کولتووری نووسینی ئێمە هەمیشە لە پەراوێزدا ژیاوە. ئەم بەپەراوێزبوونە هەندێجار جۆرە دابڕانێکی لەلا دروستکردووین، کە هەمیشە نەمانزانیوە کولتوورەکەی ئێمە لە کوێی کولتوورەکانی دونیادایە. دابڕان بە پلەی یەکەم مەعریفییە. واتە زمانی کوردی نەیتوانییەوە و کۆمەڵی کوردی نەیتوانییەوە تێکهەڵکێشی تەونی مەعریفەی جیهانی بێت. سیستەمی پەروەردەییمان تا ئێستا قاچێکی لە حوجرەکانی سەدەکانی ناوەندە، زانکۆکانمان شوێنی بیرکردنەوە نین، هتد..

گەلێ رۆشنبیر و نووسەری ناودارمان هەن تەنها کوردی بە باشی دەزانن. رۆشنبیری کوردی ئیمرۆ بۆ ئەوەی وەکو رۆشنبیرێک لە سەدەی بیستویەکەم خۆی تەرح بکات دەبێ زمانێک یا دوو زمانی زیندووی جیهانی بزانێت، ئەگینا لە پەراوێزدا دەژێت، چونکە سەرجەم تیۆری و لێکۆڵینەوە زانستییەکان بە زمانە زیندووەکانی دونیا دەنووسرێن. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گرفتە کوشندە و ترسناکەدا پێویستمان بە تەرجەمە هەیە.

رەخنەی کوردی لە هەندێ هەوڵ بترازێ، تا دەمێکی دیش هەر رەخنەیەکی سادە و بەبێ بنەمایەکی

مەعریفی هەنگاوی گێڕوگەوڵ دەنێت. لێرە هەڵبەتە دەبێ جارێکی دیش ئاماژە بۆ کاریگەریی وەرگێران بکەین کە لە زۆر شوێنی دیکە ئاماژەم بۆ کردووە. ئێمە پێویستمان بە لەشکرێکی وەرگێر هەیە هەموو بوارەکانی ژیان بگرێتەوە. ئەمە لە حاڵەتێکدا وەزارەتی رۆشنبیری، وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا ئەو هیوایە یان لەلا دروست دەبێت کە کوردیش ببێتە زمانێکی چالاک لەم دونیایەدا و ئەگەر بمانەوێ وردە وردە ببینە خاوەن زمانێک، کە هەموو شتێکی پێ بنووسرێت. ئەوەی تا ئێستا خوێنەری کوردیان پێ راهێناوە، جۆرە رەخنەیەکی ئایدیۆلۆژیاهەڵگرە لە ناواخندا، بەسەر جۆرە ئەدەبێکی مولتەزیمدا بە کێشە سیاسییەکانەوە تەتبیق دەکرا. (مارکسی لە دیوە کاڵوکرچەکەی، سیاسی لە دیوە هەڵوێستخوازەکەی، کۆمەڵایەتی لە رووە هەرە سونەتییەکەی)، چونکە ژیان و بەرهەمی ئەدەبیمان لەنێو ئاووهەوایەکی سیخناخ و دەورگیرا هاتۆتە کایەوە. رێباز و رێڕەو و قووتابخانە ئەدەبییەکان بە دوو سێ فیلتەردا تیدەپەڕن تا دەگەنە خوێنەر، کاتێکیش دەگاتە خوێنەر لەسەدا شەست لە سەرچاوەکەیەوە دوورکەتۆتەوە. گوێم لە تازەترین رەخنەگر بوو باسی گرنگیی گەنم و جۆی دەکرد لە شیعری قادری کۆیی-دا. ئەمە بارودۆخی رەخنەی کوردییە لە سەدەی بیستویەکەم. ئەم کێشەیە نە گۆڤارێک، نە بە یەک دوو رەخنەگر چارەسەر ناکرێت. دەبێ هەموو رەهەندەکانی شی بکرێتەوەو بە وردی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

ئەو ئیلتیزامەی کە وەکو رێبازێک لە دونیای ئەدەب و ئافراندن هاتە کایەوە، چەندین شاکاری پێ نووسراو چەندین رەخنەگری بەسەلیقە و خاوەن باگراوندێکی تۆکمە شتیان پێ نووسی، کەچی لەلای ئێمە بوو بە ئەدەبێکی بێگیان لە دەوری سەمبۆلە وەستاو و بێرۆحی چیا و سەهۆڵ و هەڵۆ و دەیان رەمزی دیکە، کە هیچ قووڵییەکی تێدا نەبوو، سەپێنرایە سەر خوێنەر و کولتوورێکی تاکرەهەندی لێ هاتە بەرهەم، یەک دوو وەچە بە چەواشەیی فێری خوێندنەوەو نووسین بوون و لەم رووەوە نووسەری رەسمی و دامەزراویان دروستکرد و خۆیان وەکو دەمراستی ئەدەب و نووسین بە کۆمەڵگا ناساند و سیاسەتیش پسوولەی لێبوردنی بۆ خەرجکردن. ئەم دیاردەیە تا ئیستاش بەردەوامە، یەکێتیی نووسەران و هونەرمەندان و دەیان سەندیکای دیکە کە پەیوەندییان بە ئافراندن و بەرهەمەوە نییە، حەوشەکانی ئەدەبیاتی کوردی چۆڵ ناکەن. بۆیە لەسەر رووپەلی ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە یا لەو کتێب و نامیلکانەی کە دەکەونە بازارەوە، لە کێشەکانی دونیا بە تەواوی دابڕاون. بە نووسینێکی دابڕاو لە تەونە تەندروستەکانی دونیا دەبێ بژمێردرێت. بۆیە تا ئێستا چەند بەرگێکی نووسینی رەخنەییمان لەبەر دەستدا نییە تاوەکو مەرجەع چ تویژەری کورد، چ خوێنەری کورد وەکو سەرچاوە ئاوڕی لێبداتەوە. ئەوەی لەبەر دەستدایە جێی رەخنەیەکی زۆرە چ لە رووی مێتۆدەوە، چ لە رووی زاراوەو پێناسەوە کە دەبنە زەمینەی یەکەمی هەموو نووسینێکی رەخنەیی. خاڵێکی دیکە کە پێویست دەکات بەوەی هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و باس بکرێت؛ ئەویش پەیوەندیی بە زیهنییەت و عەقڵیەتی کوردەوە هەیە. هەندێ شاعیر و نووسەر چوونەتە دەرەوە بازنەی رەخنەلێگرتنەوە، کاتێک رەخنە لەسەر دەقەکانیان دەنووسێت، هەست دەکەن لەسەر کەسایەتیی ئەوانت نووسیوە. ئەم کێشەیە پەیوەندیی بە عەقڵیەتەوە هەیە و لەهەمانکاتیشدا پەیوەندیی بە هەرسنەکردنی رۆشنبیرییەوە هەیە کە لە بنج و بنەمادا لەسەر تێرمەکانی رەخنە ئیش دەکات. هەموو بەرهەمێکی چاک جۆرە رەخنەیەکە، بەڵام نەک بە مەبەستی خستنەلاوەی ئەوی دیکە، بەڵکو ئەم کارە پەیوەندیی بە میکانیزمی نووسین و بیرکردنەوەوە هەیە. هەروەها دەکرێ لەمەڕ ئەوەوەش بدوێین کە کورد هێشتا پێی نەناوەتە نێو قۆناغی رەخنەییەوە، نەک تەنها لە بواری ئەدەب و زانستە مرۆییەکاندا، بەڵکو لە بوارەکانی دیکەدا، وەکو سیاسەت و کۆمەڵایەتی و خێزان و سەرجەم پەیوەندییەکانی دیکەدا.

رەنگبێ لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە رەخنەی کوردی لە دوا تەکان و هەوڵەکانیدا گەیشتە ئەو ئاستەی کە رەخنەی روخێنەر لە رەخنەی بنیادنەر جودا کاتەوە. ئەم کێشەی دوالیسمە کە سەرجەم بەرهەمی ئێمەی لەنێوان رەش و سپی، چاکە و خراپە، نیشتمانی و نانیشتمانیدا کەرتکردووە.

کەواتە دەبێ دەروازەکانی قۆناغێکی دیکە بخەینە سەر گازەرای پشت و بیر لە رووخاندن بکەینەوە. بە بۆچوونی من، تەنها هەر رووخانێکی راستەقینەیە کە دەبێتە هەڵگری بووژانەوە و نەوژەنی. ئەوەی لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات هەزار ساڵە روودەدات، تەنها خۆهەڵخەڵەتاندێکی بەرنامەرێژە بۆ ئەوەی هەموو لەو گۆمە ئاوە وەستاوەدا مەلە بکەین.

**ئاوات محەمەد:** **"ئەوەندەی ئەدەب پەیوەندیی بە مەزاجی شاعیرەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەست نییە بەو هەموو بنەما رەخنەییەی لە دنیادا هەیە.."**



سەرەتا ئەبێت لەوێوە دەست بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی بەڕێزت بکەمەوە، ئەوەی تاکو ئێستا لای ئێمە گەورەترین گرفتە بە دەزگا ئەدەبییەکانیشەوە، بوونی رەخنەی سەرکەوتوو بە بوونی دەقەوە دەبەستنەوە، واتە هەمیشە لەناو بیرکردنەوەی رۆشنبیری ئێمەدا رەخنە وەك پاشكۆی دەقی لێكراوە، كە ئەمە نەك گەورەترین گرفتە بەڵكو تەواو بەدحاڵیبوونە لە ئەركو شێوەی دواندنو پێكهاتەی فەلسەفیو ئەكادیمیەتی رەخنە، هۆكاری ئەمەش ئاشكرایە، كولتووری كوردی بە درێژایی تەمەنی خۆی تەنها بەرهەمی دەقی ئەندێشەگەریانەی هێناوە، نەك ئەوەی هەوڵی دەق لە چوارچێوەی ئەو دیسپلین یان بەپێی شێوازێكی ئەكادیمی بەرهەمی دەق بهێنێت، وەك ئەوەی لە ئەدەبە زیندووەكانی دنیادا هەیە، بۆ نمونە لەدوای كتێبی هونەری شیعری ئەرستۆوە كەسێك نەیتوانی لەو بنەمایانە لابدات كە بۆ تراژیدیای نووسی، تەنانەت شانۆنووسێكی گەورەی وەك شكسپیر لە چەند لایەنێكی كەمدا نەبێت نەیتوانی خۆی لەو پێوەرانە لابدات، لێرەوە ئەبێت لەوە بگەین ئەوە رەخنە یان بیركردنەوەی رەخنەگریانەی ئەرستۆیە رێڕەوی شیعرو تراژیدیاو داستانی پاڵەوانێتی دیاری دەكات، نەك ئەوەی ئەوە شیعر بێت بتوانێت رێڕەوی رەخنە دیاری بكات، من ئەم پرسیارەی ئێوەش بۆ ئەو بیركردنەوە كۆگەلییە لە ئەدەب دەگێڕمەوە، كە دەتانەوێت رەخنە بكەن بە پاشكۆی شیعرو ئەدەبو منی رەخنەگر ئەبێت بەداوی تۆی شاعیرەوە بم تاكو دەقێكم بدەیتێو بوونیادی بیركردنەوەی رەخنەیی خۆمی لەسەر بكەم، هەروەها دەگەڕێمەوە بۆ دیوێكی تری پرسیارەكەت، كامە پێوەری ستانداری تۆیە بۆ كۆمەڵێك دەقی جوانو ناشرین؟ چۆن توانیت دەقی جوانو ناشرین دیاری بكەیت؟ كە مەسەلەی جوانیو ناشیرینی مەسەلەیەكی ئەوەندە نیسبییە ناتوانیت پێوانەی بكەیت، بەتایبەتی لەناو بیركردنەوەی ئەدەبی ئێمەدا بە ئاستە ئەكادیمییەكەشیەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بنەما ستاندارەكانی لێكۆڵینەوەی رەخنەییمان نییە، واتە

ئەوەندەی ئەدەب پەیوەندیی بە مەزاجی شاعیرەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەست نییە بەو هەموو بنەما رەخنەییەی لە دنیادا هەیە، هەروەها من ئەبێت بپرسم ئێوە تێگەیشتنتان بۆ رەخنە چۆنە؟ ئەتانەوێ رەخنەگر هەر دەقێکی ناشرینی بینی بەیاننامەیەکی رەخنەیی لەدژ دەربکات یان چۆن؟ پرۆسەی رەخنەیی پەیوەندیی بەم حاڵەتەوە نییە، پرۆسەیەکی زۆر سیستماتیکترە لەوەی ئێوە بیری لێدەکەنەوە، هەروەها بابێنەوە سەر ئەوەی کە وانییە هەرگیز کاری رەخنە بە تەنها ئەوە نییە دەقی جوانو ناشرین لە یەکتری جیابکاتەوە، راستە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی، بەڵام مادام هەموو شتێك دەچێتە خانەی چێژەوە، چێژیش ئەوەندە رێژەییە ئەتوانین بڵێین وەك خواردن وایە، هەر کەسە حەزی لە جۆرێك خواردنە، واتە خواردنێك نییە هەموو کەس حەزی لێبکات، بەڵام دەکرێت هەمووومان لێیبخۆین، دەقیش هەمان سیفەتی هەیە، مەرج نییە لەبەر ئەوەی جوانە بیخوێنمەوە، بەڵکو هەندێکجار بەپێی ئەو بارە دەروونییەی خوێنەر هەیەتی ناشرینترین دەق لای تۆ لای ئەو دەبێتـە گەورەترین شاکار.

جارێکی تر دێمەوە سەر مەسەلەی تێڕوانینی پاشکۆیەتیی رەخنە بۆ دەق، ئەتوانی پێم بڵێیت بۆ بە درێژایی مێژوو زۆرێك لە شاعیرەکان دوای بیرکردنەوە ئەرستۆییەکە کەوتن؟ هەروەها ئایا بەیاننامەی سوریالییەکان نەبوو، بووە هۆی داهێنانی چەندە دەقی شیعریی گەورەو تابلۆی گەورەی جیهانی؟ هەروەها پاش ئەوەی بنەماکانی سوریالیزم لە رێگەی تێکستە رەخنەییو بیرکردنەوە رەخنەییەکانەوە گەشەی سەند چەندەها دەقی ناوازە وەك شیعرەکانی سەرەتای ئاراگۆن سەریانهەڵداو ئەم رەوتە بە سلڤادۆر دالی لە بواری شێوەکاریدا گەیشتە ترۆپك، ئێوە ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟ هەروەها با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستو ئەو رەهەندە فەلسەفیو رەخنەگەرییەی لە بواری ئەدەبدا لە فەرەنسا سەریهەڵدا، کە بووە گەورەترین شەپۆلی گۆڕینی بیرکردنەوە تەقلیدییەکان لە بەکارهێنانی زمانو تێگەیشتن لە دەقو رۆڵی نووسەرو سەرهەڵدانی نووسەری دووەمی دەق کە خوێنەرە، هەروەها لە بواری جیاکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی دەقو چۆنیەتیی لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی یان چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی وەك لوسیان گۆڵمان، ئەمانە هەر هەموو پاشکۆی دەقی جوانو ناشرین بوون، یان ئەمانە هەر هەمووی بوونە هۆی ئەو بەدحاڵیبوونەی بەڕێزتان لە ئەرکی رەخنەو ئەو پانتاییەی رەخنە لە بیرکردنەوەی ئێمەدا دایدەنێت.

بەڕێزم ئەوە تەنها لەناو ئەدەبیاتی ئێمەدا ماوە کە شاعیر پێویستی بە ئیلهامە یان پێویستی بە کەشێکی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی جوان، لە دنیادا کەمترین بڕوا بەو شاعیرانە دەکرێت کە دەقی شیعری دەنووسنو کەمترین رۆشنبیریی شیعرییان هەیە، کەمترین لێزانینی رەخنەییان بۆ شیعر هەیە، شاعیر ناتوانێت شاعیر نەبێت، ئەگەر ئاگای لە هەموو پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەقو بیرکردنەوەی فەلسەفیانەی رەخنەو هەروەها چۆنیەتیی سەنعەتی شیعر دروستکردن نەبێت، ئەوە لە کەمئەزموونیی رەخنەی ئێمەوە هەیە تاکو ئێستا بەتەنها ئیلهام بەسە بۆ ئەوەی شاعیر بیت، کە ئەمە لە سەرتاسەری دنیادا وەك لە بەشێك لە کولتووری دواکەوتوو تەماشای دەکرێتو ناتوانن کار بەو بنەمایانە بکەن، کە شاعیر پێویستی بە خەڵوەتە بۆ ئەوەی بگاتە ترۆپکی نەستی خۆیو لە خۆڕاو بەبێ هیچ باکگراوندێکی رۆشنبیریی شیعری بەرهەمی دەقی گەورە بکات، کە لەدوای ئەرستۆوە هەموو شاعیرێك دەبوایە هەموو کتێبی شیعری ئەرستۆی لەبەر بووایە تاکو بیتوانیایە داوا لە شاعیرێکی بە ئەزموونتر بکات هەندێك تەکنیکی فێربکات بۆ ئەوەی بتوانێت دەست بکات بە نووسینی شیعر، بەڵام لەو هەموو شاعیرەی لای ئێمە هەیە چەند کەس لە سەرەتای سەدەی بیستو یەکیشدا هونەری شیعری ئەرستۆی خوێندووەتەوە؟! نەك ئەو هەموو کتێبە زۆرو

زەوەندەی لەسەر هونەری شیعرو سەنعەتی شیعرو رەخنەی شیعرو لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لە پێکهاتەی زمانی شیعری خوێندووەتەوە، تاکو بڵێین ئادەی رەخنەگران بۆ ناکەونە شەنوکەوکردنو ئەو دەقە جوانانەمان لەو دەقە درێوانە بۆ جیابکەونەوە، مەسەلەیەکی تر من تاکو ئێستا لە نهێنیی ئەوە ناگەم لەبەرچی هەمیشە لە وشەی زۆر زارەتەرك بووین، ئەو هەموو شیعرە زۆرە، ئەو هەموو نووسەرە، ئەو هەموو هونەرمەندە، ئەو هەموو رۆژنامەیە، ئایا لەناو کێبڕکێی سەنعەتیانەی ئەم زۆرەدا توانا دەرناکەوێت؟ ئێستا دێمەوە سەر ئەو بەشەی پرسیارەکە، ئایا ئێمە خاوەنی رەخنەی ئەدەبیین؟ ئەگەر لەسەر ئاستی میللی بیربکەینەوە وەك لە هەندێك لە نووسەران بنەمای رەخنە دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمی ئەحمەدی خانی ئەوە بێ دوودڵی ئەتوانین بڵێین ئێمە نەك خاوەنی رەخنەین بەڵکو خاوەنی مێژوویەکی درێژیشین لە رەخنەی ئەدەبی، بەڵام ئەگەر وەك دارشتنی بەرنامە یان تیۆریزەکردنی رەخنەیی تەماشای مەسەلەکە بکەین، ئەوە دەبێت رەخنەمان لە چەند بنەمایەکی گشتی لانەدات، هەروەها کایەی ئەکادیمی تاکو ئێستا نەیتوانیوە بەرهەمی بنەمایەکی تیۆری بۆ رەخنە بەرهەمبهێنێت، راستە لەسەر ئاستی ئەکادیمی بەرهەمی چەندەها تێزی خوێندنەوەی رەخنەیانە بۆ دەق هێناوە، بەڵام ئەو تێزانە ناتوانن وەك بنەمایەکی ئەکادیمی بۆ رەخنە تەماشای بکەین، ئەوانە لە زۆر باردا راڤەکردنی دەقە لەبەر رۆشنایی رێبازە رەخنەییەکان، واتە ئەوەی ئێمە نیمانە بەرهەمهێنانی تێزی رەخنەییە لەسەر ئاستی تیۆریزەکردنی رەخنە، کە ئەمەیە ئەو هەموو ئیشکالییەتە یان بەدحاڵیبوونەی بەرهەمهێناوە، هەروەها ئێوەش بەهەمان نارۆشنی لە تێگەیشتن لە رەخنەدا تێپەڕیوون لە سەرجەم تەوەرەکەدا رەخنەتان بە بوونی دەقەوە بەستووەتەوە، کە ئەمە لاوازکردنی یان لەکەمکردنەوەی ئاستی رەخنەیە، هەروەها کۆمەڵگەی ئێمە تەنها لەسەر ئاستی رەخنەیی کەلێنی تێدا نییە، بگرە لە زۆرێك بوارەکانی بیرکردنەوە فەلسەفیو زانستییەکاندا گرفتی گەورەی هەیە، ئێمە خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمیمان زۆرە، بەڵام کەمیان هەیە هونەری داهێنانی تێدا بێتو بتوانێت بە شێوەیەکی سیستماتیکی یان فەلسەفی یان زانستی بەرهەم لەو بوارەدا بهێنێت، کە ئەو بڕوای پێیەتی، رەخنەش بەهەمان دەورانداا تێپەڕ دەبێت، لەبەر ئەوەیە گرفتی رەخنە لە هەموو گرفتەکانی تر گەورەترە، رەخنەش وەك کۆمپیوتەر زانستە، پێویستە بە شێوەیەکی سیستماتیك فێری بیتو خۆت لە بواری فێربوونەوە داهێنان بکەیت، ئەویش پەیوەستە بە ئاستی تێفکرینو قوڵبوونەوەی کەسی رەخنەگر، بەڵام ئایا بەپێی ئەو پرسیارەی بەرێزتانو بەپێی پرۆسەی بەرهەمهێنانی رەخنە لای ئێمە زانستە یان ئەویش وەك دەقی شیعری یان چیرۆك یان هەر ژانرێکی تر پەیوەستە بە ئیلهامەوە؟ نەك بنەما زانستییەکانی، وەك نموونە تاکە یەك دەق دەکرێت چەندەها رەخنەگر لە چەندەها گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشای بکات، کە جۆری رەخنەو بیرکردنەوەی هیچ کامیان لە ئەوی تر نەچێت، ئەمە بخەینە خانەی کام جۆر لە بیرکردنەوەی رەخنەگرانەوە؟.. گرفتی رەخنەی ئێمە لەوەدایە هێشتا لە چەند بوارێکی لێکۆڵینەوە تێپەری نەکردووە، واتە هەرگیز خوێندنەوە بۆ فەلسەفەی دەق ناکەین، یان بۆ لایەنی تەکنیکیی دەق ناکەین، بەڵکو رەخنە بەو شێوەیە لە دەق دەگرین ئایا جوانە یان ناشرین؟!.. کەواتە ئەبێت بەشێوەیەکی قوڵتر بیر لە رەخنە بکەینەوە، کە ئەمەش ئەرکی دەزگا رۆشنبیریو دامەزراوەکانی تایبەتە بە بەرهەمهێنانی دەقو رەخنەوە، واتە ئەوە ئێوەن دەتوانن مەسەلەی رەخنەی ئەدەبی بکەنە بەشێکی جدی لە کارەکانتان، ئەویش بەپێی بەرنامەڕێژییەکی مۆدێرنانە بۆ چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی ئەقڵو تێکستی رەخنەیی، کە لە ئاست هەنگاوەکانی تری بەرهەمهێنانی دەقدا بێتو شاعیر یان دەقنووس لەوە دووربخەینەوە، کە

تەنها بەهرە بەس نییە بۆ ئەوەی ببێتە نووسەرێکی باش، بەڵکو چۆنیەتیی بەکارهێنانی بنەماکانی سنعەتی نووسین‌و چۆنیەتیی خوێندنەوەی دەق‌و دۆزینەوەی بنەما شاراوەکانی دەق دەتوانن ئەوەمان لا کاڵبکەنەوە، ئایا رەخنە بۆ دەقی جوان‌و ناشرین لەیەکتری جیاناکاتەوە؟.. وەك ئەوەی رەخنەگران حاکم بن‌و حوکم بەسەر تاوانبارو بێتاواندا بدات‌و بڵێت ئەی شاعیری خراپ ئەمجارە بنووسی سزای لەسێدارەدانت بۆ دەردەکەم.

## کەماڵی ئەمینی:

سەرەتا پێویستە بڵێم رەنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە لەلایەن منەوە وەك تاکێکی ئەدەبی ئەنجامێکی ناهومێدانەی پێوە دیار بێت، بەڵام بێگومان ئەگەر نەتوانین راشکاوانە دان بە خەسارەکان و بۆشاییەکانی بواری رەخنەدا بنێین نەك هەر ناتوانین قەرەبوویان بکەینەوە، بەڵکو بێگومان بەردەوام ئەبین لەسەر ئەو بێدەنگی و خەسارانە. من رام وایە کە ئێمە لە کتێبخانەی کوردیدا لە بواری رەخنەی ئەدەبی سەرەڕای بۆشایی رەخنە، کۆمەڵێ خەساری گەورەشمان هەیە کە هەم رووبەڕووی خودی رەخنەو هەم رووبەڕووی دەقی ئەدەبیش بووەتەوە، لە زۆر شوێن و کاتدا نەك هەر رەخنەمان بەرەو لاڕێ بردووە، بەڵکو چەمکی رەخنەی ئەدەبیمان چەواشە کردووە. بۆ ئەوە بچمە ناو باسەکەوە پێویستە ئەوە روونبکەمەوە کە رەخنە لای من چی ئەگەیێنێ و کاری چییەو دەبێ چ رۆڵێکی هەبێت؟

سادەترین و ئاساییترین وەڵام بەنیسبەت پرسیاری (رەخنە چییە؟) -کە هەمیشە وتراوە و هێشتاش ئەیڵێن- ئەوەیە کە (رەخنە پردی نێوان دەق و خوێنەرە) بۆ ئەوە لە راستی و ناڕاستیی ئەم وتەیە و هەروەها دەلالەتەکانی وشەی "پرد" زۆرتر بدوێم هەمدیسان پێویستە ئەم پرسیارانە بخەمە ئاراوە: مەبەست لە خوێنەر کێیە؟ رەخنەگر کامەیە؟ رەخنە وەکو پرد چ رۆڵێکی لەنێوان دەق و خوێنەردا هەیە؟ ئایا ئەم پردە بە مانای کردنەوەی کۆد و رەمزەکانی دەقی ئەدەبییە؟ واتە ئەیەوێ تیکەکە ئاسانتر بکات بۆ خوێنەر؟

لێرەدا ئەکرێ گومان بکەین لە خوێنەر و بڵێین مەرج نییە هەر کەسێ دەق یان بەرهەمێکی ئەدەبی دەخوێنێتەوە لە پلەی خوێنەری راستەقینەدا دابنرێ. ئەگەر خوێنەر لە ناو سێکوچکەی پرسیاری "بۆچی؟ چی؟ چۆن؟"دا دابنێین واتە بپرسین بۆچی دەقی ئەدەبی دەخوێنێتەوە؟ چی دەخوێنێتەوە؟ (بەرهەم یان دەق)و چۆن دەیخوێنێتەوە؟ (واتە لە کام سۆنگە و بەپێی کام میتۆد؟) ئەوجا زۆرتر لە وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان نزیکدەبینەوە. ئەگەر بە خێرایی ئاماژە بە چەند جۆر خوێنەر بکەم کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەن دەتوانم خوێنەری کۆمەڵگەی کوردی بە سێ جۆر دابەش بکەم:

یەکەم خوێنەری ناچار: خوێنەری ناچار ئەو خوێنەرەیە کە لە خوێندنگەو زانکۆدا بۆ بەدەستهێنانی پلەی باشتر ناچارە دەقی ئەدەبی بخوێنێتەوە و هاوکات ئەو رەخنە و خوێندنەوانە کە لە کتێبە وانەییەکاندا هاتوون لەبەر بکاو بە دروستی دابنێت. ئەگەرچی من بۆ خۆم پێم وانییە خوێندنگەو زانکۆکانی ئێمە بتوانن خوێنەری جیددی بەرهەمبهێنن، بەڵام ناکرێ نکوڵی لەوە بکەم کە لەناو ئەم تاقمەدا رەنگە خوێنەری جیددیش سەرهەڵبدات، ئەوانەش ئەو خوێندکارانەن کە خۆیان بۆ خۆیان کەڵکەڵەی ئەدەبییان هەیە و جیا لە کتێبەکانی زانکۆ خاوەنی پرۆسەی خوێندنی تایبەت بە خۆیانن.

دووەم خوێنەری ئاسایی: ئەم خوێنەرە وەك حەز و هیوایەت لە بەرهەم یان دەقی ئەدەبی نزیکدەبێتەوە و بەهۆی دیدی رووکەشییانەی خۆی دەرك بە سنووری نێوان دەقی باڵا و بەرهەمی تەسك ناکات، بەم پێیەش هەر ناتوانێ نووسینی تەمومژاوی لە نووسینی لێڵ جیابکاتەوە. ئەم خوێنەرە هەر نووسینێك کە چێژی پێنەدات رەتی ئەکاتەوەو بەس بەلای ئەو شتانەدا

ئەڕوات کە لەیەکەم نیگادا بتوانێ دەرکی پێبکات چێژی لێ بگرێ. بەگشتی لەو بەرهەمە رووکەشییانە نزیکدەبێتەوە کە پێشتر کۆدەکانی کراونەتەوەو هیچ مەجالی کەشفی تیا نەماوەو ئەگەر دەقی باڵای کلاسیکەکانیش بخوێنێتەوە تەنیا مانا رووالەتییەکەی وەرئەگرێ یاخود جەزبی هارموونیی کێش و سەروا دەبێت و بۆ کەشفی تازە خۆی هیلاك ناکات.

سێیەم خوێنەر خوێنەری چالاکە و وەك فوکۆ ئەڵێ بزۆز و سەرچڵ و پەیجۆر و کاشفە. لەناو هەر سێ جۆرەکەشدا جۆرێك لە خوێنەر هەیە کە بە ئایدیۆلۆژییەوە لە بەرانبەر بەرهەم یان دەقی ئەدەبی ئامادە ئەبێ و ئەگەر لەوەدا خاڵی هاوبەش لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی نەبینێ رەتی ئەکاتەوە. دیارە چەمکی پرد بۆ خوێنەری ناچار و خوێنەری ئاسایی زۆر گونجاو ئەنوێنێ، بەڵام نە بەمانای کردنەوەی کۆد و رەمزەکانی دەقی ئەدەبی، بەڵکو بەمانای سازدانی بەستێنێك کە خوێنەر زۆرتر لە دەقدا رۆبچێت و خوێندنەوەی قووڵتری هەبێت و دەق لە نا دەق جیا بکاتەوە. بەڵام بۆ خوێنەری چالاك! مادامێکە باوەڕمان بە بوونی خوێنەری چالاك هەبێت دەزانین کە ئەو خوێنەرە خۆی بۆ خۆی خاوەنی دیدێکی رەخنەییە. لێرەدا رەخنە ئیتر ئەو پردە نییە کە خوێنەر گرێبدات بە دەقەوە، بەڵکو یارمەتییەکە بۆ بەربڵاوکردنی دیدی رەخنەیی. کەواتە سێکوچکەی رەخنە– خوێنەر– دەق دەبێتە هێڵێکی راستەوخۆ لەنێوان خوێنەری چالاك و دەقدا، بەڵام لەو رووەوە کە مەرج نییە هەموو خوێنەرێکی چالاك کەڵکەڵەی نووسین و بە کارا خستنی تێگەیشتن و روانینی خۆی بۆ دەقی ئەدەبی هەبێت دووبارە بۆشایی رەخنەگر لەم نێوانەدا خۆی ئەنوێنێ، چونکە ئەو تێگەیشتن و روانینە و ئەو تەئویل و خوێندنەوە کەخوێنەری چالاك هەیەتی زۆرجار لەلای خۆی ئەمێنێتەوە و تەنیا جیهانبینیی خۆی پێ قووڵ و گەورە دەکات، لەلایەکی ترەوە مەرج نییە خوێنەری چالاك لە کاتی خوێندنەوەدا هەموو میتۆدەکان بەکاربهێنێ و تەنانەت مەرج نییە ئاگاداری هەموو ئەو میتۆدانە بێت. دیارە ئەگەرچی خودی رەخنەگر لەناو ئەم تاقمە خوێنەرەدا دەردەکەوێت، بەڵام سنووری نێوان رەخنەگر و خوێنەری چالاك بێگومان هەمان نووسینی رەخنەیە بە شێوەی پرۆفیشناڵ. یانی رەخنەگر ئەو خوێنەرە چالاکەیە کە بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ رەخنەی ئەدەبی ئەنووسێ و بە میتۆدە جیاجیاکانی رەخنە ئیش دەکات. لێرەوە ئەوە ئەڵێم رەخنە ژووەر زمانێکە کە لەسەر دیاردەیەکی زمانی ئەدوێ و سەرەڕای هەموو سنوورێکی هاوبەش جیاوازی هەیە لەگەڵ تەئویل و تەفسیر و تەوزیح و هیرمونۆتیکداو پێویستە هەموو ئەوانە لێك جیابکەینەوە و رۆڵی هەریەکیان بزانین.

یەکەم تەوزیح: تەوزیح کاری بە ماناوە نییە و بەس شتەکانی دەرەوەی دەق رووندەکاتەوە، وەك کاتی نووسینی دەقەکە و ژیانی خاوەن دەق و ئەو ناوە تایبەتانە کە لە دەقەکەدا ئامادەن و...

دووەم تەفسیر: ئەم وشەیە هەم لە زمانی عەرەبی و فارسی و هەم کوردیدا بە مانای ئاشکراکردن و دۆزینەوە و دەرخستنی مانا رووالەتییەکانی دەقە. بەواتایەکی تر دەرککردنی دەقە لە رووالەت و بەیانداو جیاکردنەوەی یەك مانا لەناو کۆی ماناکانی تر، کە بە وشەیەك دراوە،پێویستە ئاماژە بەوەش بکەم کە تەفسیر کاری خۆی لەڕێی سەرف و نەحوی زمانی بەپێی رێساکانی زمان بەئەنجام ئەگەێنێت. تەفسیر هەمان هیرمۆنۆتیکی کۆنە کە بۆ دەقە ئایینییەکان بوو و دواتر لەڕێی شلایر ماخرەوە گوازرایەوە بۆ ناو دەقی ئەدەبی، تەفسیریش زۆرتر بۆ دەرخستنی مانای قورئان بەکاربراوەو دواتر کەوتووەتە خانەی ئەدەبیاتەوە.

سێیەم تەئویل: جیاوازە لەگەڵ تەفسیر و بە مانای رۆچوون لەناو دەق و دۆزینەوە و کەشفی مانا دەروونییەکانی دەقە کە لە پشتی رواڵەتی دەقدا حەشاردراون. بەم پێیە ئەگەر باوەڕمان بە مانای شاراوە

لە دەقدا هەبێت و هەوڵبدەین ئەو مانا یان ماناگەلە کەشفبکەین لە واقیعدا ئەو دەقەمان تەئویل کردووە. دریدا وتەیەکی جوانی لەم بارەوە هەیە و ئەلێ: تەئویل سەرگەردانیی نێوان دوو یان چەند دەقە.

چوارەم هیرمونۆتیک: زاراوەیەکی یۆنانی کۆنە. لە ریشەی هێرمس-ەوە هاتووە کە یەکێ لە خواکانی یۆنانە کە پەیامنێری نێوان خوداکانەو... هیرمونۆتیکی کۆن وەك وتم بۆ خوێندنەوەی دەقی ئایینی بەکار هاتووەو دواتر لەڕێی شلایر ماخرەوە هاتووەتە دنیای ئەدەبەوە و هیرمۆنۆتیکی کلاسیك لەوێوە دەستپێئەکات و پاشان لەسەر دەستی کۆمەڵێ فەیلەسووف (لەوانە مارتین هایدگر) ئەچێتە ناو قۆناغێکی تازەوە، کە هەمان هیرمونۆتیکی مۆدێرنە، کە لە سادەترین پێناسەدا هەمان تەئویلە بەو جیاوازییە کە خودی خوێنەریش دەتوانێ بۆ دەق مانا دروست بکات و دەق لە بەرانبەر کۆمەڵێ تەئویلی جیاجیادا ببینێتەوە...

پێنجەم رەخنە کە بابەت و کێشەی ئەم وتووێژەیە! رەخنە وەرگیراوی وشەی "نقد"ە، لە عەرەبییەوە کە فارسەکانیش هەمان وشە بەکاردێنن و لە وشەدا بە مانای بەردێکە کە بۆ جیاکردنەوەی زێری رەسەن لە ناڕەسەن بەکاردەبرێت و لە کوردیدا بە مانای نفووز یان رۆچوونە.

رەخنە هاوکات کە لەگەڵ ئەوانی تردا خاڵ و ئامانجی هاوبەشی هەیە بەڵام جیاوازیی زۆریشی هەیە. بەڕای من رەخنە بەستێنێکە بۆ تەئویل و هیرمۆنۆتیك، چونکە بەپێی راو بۆچوونی بارت کە منیش بۆ خۆم قەناعەتم پێی هەیە رەخنە لەلایەنە عەینییەکەی دەق ئەکۆڵێتەوە و ئەرکی رەخنە دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکان و ئەزموونەکان و خەسارەکان و پێشنیارە کانی ناو زمانی دەقە، نەك دۆزینەوە و کەشفی مانا.

رەخنەیە کە جیاوازییەکانی زمانی شاعیریك لە شاعیرێکی تر دەستنیشانئەکات، رەخنەیە کە ئەڵێ فڵانە شاعیر لە کوێی ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیدایە و لە کام شێواز پێڕەوی ئەکات، تایبەتمەندییە زمانییەکانی کامانەن و پێشنیار و ئەزموونەکانی چین و ئایا تازەن یا نە؟ رەخنەیە کە خەسارە ئەدەبییەکانی ناو زمانی دەق یان بەرهەمێکی ئەدەبی دەستنیشاندەکات و کار پۆلێنبەندی ئەدەبی- نەك مێژوویی- بە ئەنجام ئەگەینێ و جوگرافیای ئەدەبیی هەر ژانرێك دیاری دەکات. رەخنەیەکە زمان و تایبەتمەندییە زمانییەکانی زمانی شیعریی مەولەوی لە نالی و ئەزموونی سوارە لە گۆران جیائەکاتەوە. رەخنەیە کە شێواز و قوتابخانە و پێکهاتە و فۆرم و بنەما و تەکنیك و تەمهیدەکان لە دەقە ئەدەبییەکاندا دەستنیشاندەکات.

ئێستا بەم پێناسەوە دەتوانم بچمە سەر رەخنە لەلای ئێمەی کورد.

دیارە سوننەتی رەخنە لای ئێمەی کورد لە قەوارەی نووسیندا زۆر کۆن نییە و هەمان پەراوێزی شیعرە کلاسیکەکانە کە لە خودی دیوانەکاندا بە قەڵەمی کۆکەرەوەی دیوانە شیعرییەکان نووسراوە، کە لە راستیدا بەم پێناسانەوە کە هێناومە ناکەونە خانەی رەخنەی نوێوە و پتر تەوزیح و تەفسیرن تا رەخنە. ئیتر هەرچی تر هەیە پیاهەڵدانی سەیرو سەمەرە کە بۆنی بە رەخنەوە نەکردووە، وەك "ئەستێرەی گەشی ئاسمانی ئەدەب" و"کەڵەشاعیری مەیدانی ئەدەب"و... کە بەڕاستی و بێ هیچ دەمارگیرییەك ناتوانین پشتی پێ ببەستین، لەم رووەوە ئێمەش وەك زۆربەی هەرە زۆری زمانەکانی تر دەست بە داوێنی میتۆدە جیهانییەکان دەبین، بەڵکو لەو رێگەوە کاری رەخنە ئەنجام بدەین. لێرەوە دەردەکەوێ کە ئێمە رەخنەیەکمان بە ناوی رەخنەی کوردییەوە نییە و پێویست بە وەها زاراوەیەکیش ناکات، چونکە قەت نەمانبیستووە کە بڵێن رەخنەی ئەمریکی یان عەرەبی یان فارسی، بەڵکو ئەڵێن رەخنەی بەراوردی و رەخنەی کۆمەڵناسانەو دەروونناسانەو فمینیستی و فورمالیستی و رەخنەی نوێ و... کەواتە میتۆدەکانی رەخنە چ لە سترەکچریزم چ لە

پۆست سترەکچریزمدا جیهانین و تەنیا ئەزموون و زەرفییەت و پوتانسییەلەکانی ناو زمانەکانە کە لەیەکتریان جیادەکاتەوە، بەڵام بۆ تەئویل کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دانەر/ نووسەر لەوەدا میوان دەکرێ — ئەوەش بە لەچاوکردنی مەرگی دانەری بارت—و بەم پێیە تەئویلی دەقێکی کوردی رەنگ و بۆنی کۆمەڵگەی کوردی لە رووی مێژوو و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابوورییەوە دەگرێتە خۆی.

لێرەدا دەچمە ناو باسی کێشەی رەخنە لە ئەدەبی کوردیدا: لەم بوارەدا کێشە و گرفتەکان زۆر زۆرن و بەڕاستی نازانم لە کوێوە دەستپێبکەم. سەرەتا با ئاماژە بە نەبوونی رەخنەگر بدەم وەك تاکێکی ئەدەبیی پرۆفیشناڵ: بۆ ئەوەی ئاسانتر مەبەستی خۆم لە رەخنەگری پرۆفیشناڵ بگەینم نموونەیەك ئەهێنمەوە: لەلای فارسەکاندا ئەگەر بپرسی سیرووسی شەمیسا کێیە؟ خێرا پێت دەڵێن: رەخنەگرە لە بواری شیعردا. ئیتر کۆمەڵێك ناوی تر وەك موحەمەدی حقووقی، مەحموودی نیکبەخت، زیا موەحد و... رەنگە هەرکام لەمانە لە پەنای کاری رەخنەدا شیعر یان چیرۆکیش بنووسن، بەڵام کاری سەرەکییان رەخنەی ئەدەبییە و هەر بە ناوی رەخنەگریش ناسراون. ئەگەر بە ئێمە بڵێن رەخنەگرەکانتان کامانەن؟ چ وەڵامێکمان پێیە؟ ناوی کێ ببەین؟

بەشێکی گەورە لە کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات کە لە لای ئێمە خودی شاعیر و نووسەرەکان کاری رەخنە دەکەن، ئەوەش بڕێجار رەنگ و بۆنی هاوڕێیی یان دژایەتیی تاکەکەسی پێوە دیارەو کەمتر خودی دەق مەبەستە!

بۆ رەخنەگری پرۆفیشناڵ لای ئێمە دروست نابێت؟ ئەبێ ئەم پرسیارە رووبەڕووی کوێ بکرێتەوە؟ بەڕاستی نابێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کە زانکۆکان رەخنەگرمان بۆ دروست بکەن، بەڵام کارگەی رەخنە ئەتوانێ زۆر کاریگەر بێت، کە ئەوەشمان نییە. لەلایەکی ترەوە زۆربەی ئەو نووسینانە کە بەناوی رەخنەوە لە گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێنەوە یان تەنانەت لە قەوارەی کتێبدا لە چاپ دەدرێن ناکەونە ناو خانەی رەخنەوە، بەڵکو بە تەئویل نزیکترن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی ئەو تەئویلانەش لەبەر پێوەندییە تاکەکەسییەکان دەکرێ نە لەبەر هەستی بەرپرسیاریەتی لە بەرانبەر دەقدا، ئەمەش ئەگەر وەك کێشە دانەنێین بەڕاستی نەدیتنی زمان لەلایەن ئەو تەئویلگەرانە زۆر سەیرە. راستەوخۆ ئەچنە ناو ناوەرۆك و ماناوە! تۆ بڵێی زمان هەر بوونی نییەو ئەو مانایە هەر لە خۆیەوە لەسەر لاپەڕەکەدا دیارە و زمانێك لە کاردا نییە! نازانم ئێمە لە دالەوە دەچین بۆ کەشفی مەدلوول یان مەدلوولەکان یاخود هەرچی هەیە هەر مەدلوولە و دالێك بوونی نییە؟ ئەگەرچی چەند کەسێك لە رۆژهەڵات لە رەخنە و تەئویلەکانیاندا بە قووڵی ئاوڕ لە لایەنی عەینیی دەق ئەدەنەوە، بەڵام بەڕاستی بە رێژەی تەولیدی ئەدەبی ئێمە زۆر کەمە. من بۆ خۆم رام وایە کە ئەگەرچی لە دروستبوونی قوتابخانەی فۆرمالیسم هەشت نۆ دەیە تێپەڕیوە، بەڵام بەڕاستی بەکارهێنانی ئەو قوتابخانە وەك میتۆدێکی رەخنەیی لە پەنای میتۆدەکانی تر زۆر پێویستە. خاڵێکی تر کە پێویستە ئاماژەی پێ بدەم، کێشەی ئەو بەناو رەخنانەیە کە بۆنی بە زانستەوە نەکردووەو تەنیا خەریکی شەڕی تاکەکەسی یان دژایەتیکردن لەگەڵ هەر شێوازێکی نوێی داهێنانە. لە سەرەتای وەڵامەکانەوە تا ئێستا نەمویستووە ناوی کەس بهێنم، بەڵام بە پێویستی ئەزانم باسی بکەم: ئەوانەی کە کتێبی "شیعر و تەور"یان خوێندبێتەوە دەزانن کە ئەو کتێبە هەتککردنە بە وشەی رەخنە و هیچ حەقێکی بەسەر رەخنەوە نییە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ وەکو کتێبێك لە کتێبخانەی کوردیدا ئامادەیەو رەنگە نەوەی نوێ ئەوە لە ئایندەدا بە رەخنە بزانن و پشت بە دەقی وا ببەستن. کێشەکە ئەمەیە کە ئێمەین ئەمانەوێ باگراوندێکی رەخنەیی و مودێرن و زانستی و بەدوور لە هەر کێشەیەکی تاکەکەسی

بۆ نەوەی ئاینده دروست بکەین، کەچی بەداخەوە هێشتا خۆمان لە گێژاوی عەقڵێکی خێڵەکیدا ئەژین، ئیتر جیا لەوە خۆتان وەك خوێنەر رەنگە دەیان نووسینی وەهاتان بەردەست کەوتبێت و خوێندبێتەوە، کە ئەگەر بێدەنگی رەخنە کوشندە بێت، بێگومان وەها نووسینگەلێك کوشندە ترن. لەلایەکی ترەوە بەناوی رەسەنایەتییەوە هەر چەشنە چالاکییەك کە لە ئاراستەی تازەگەریدا بێت بە خیانەت بە گەل و نەتەوەو.. لەقەڵەم ئەدرێت و دەیان نووسینی نازانستی ئەنووسرێت و بڵاوئەکرێتەوە، ئەمە ئەبێ بە رەخنەی ئێمە ! . هەر ئەم بێدەنگی و چەواشەکردنی رەخنە چەند ئەنجامێکی مەترسیداری لێ ئەکەوێتەوە کە هەر ئێستاش دەرکەوتەی ئەوانە تا رادەیەکی زۆر دەبینین وەك بە لێشاو چاپکردنی کتێبی شیعر –وەك وەستانی شیعر و بزۆز نەبوونی لای هەندێ شاعیر کە پێشتر دەقی باڵایان خولقاندووە و ئێستا هەر خۆیان دووبارە ئەکەنەوە– وەك دەرکەوتنی هەندێ نووسین بە ناوی رەخنە، کە تەنیا رۆژنامەکانی پێ پڕئەکرێتەوە –وەك گەورەبوونی ناوی هەندێ نووسەر ئەگەریش لە هەر بوارێکدا بنووسن و داهێنانیشیان لاواز بێت یانی ئەگەر من کۆمەڵناسێکی گەورەو رۆشنبیرێکی گەورەو شاعیرێکی گەورەم، مەرج نییە چیرۆکنووسێکی باشیش بم، بەڵام ئەو ناوە گەورە کە پێشتر لەرێی رۆشنبیرییەوە بەدەستمهێناوە بۆ چیرۆکەکانیشم هەر گەورە ئەمێنێتەوە،یانی خوێنەر لە رووی ناومەوە داوەری دەکات و... هەروەها کۆمەڵێ ئەنجامی کێشەسازیی تر کە لەم دوایانەشدا شیعری سووکی بازاڕی دەگاتە تیراژێکی سەرسوورهێنەر...

خاڵێکی ترو کێشەیەکی تر: راستە کولتووری ئێمە وەك بەشێك لە سەرزەمینی ئاریا پتر کولتوورێکی زارەکی بووەو ئێستاش لە هەندێ رووەوە شوێنەپێی ئەو کولتووره هەر ماوە، بەڵام لە خوا بەزیادبێت ئەمڕۆکە ئیتر شیعر و چیرۆك لەو حاڵەتە رزگاریان بووە و سەرەڕای کەم خوێندنەوە و قەیرانی خوێنەر –داهێنان لە قەوارەی نووسیندا خاوەنی پرۆسەی خۆیەتی و بەردەوامە، بەڵام ئێستا رەخنەش تووشی ئەو نەخۆشییە زارەکییە بووە و تا من بزانم زۆرتر قسەی رەخنەئامێز دەکەین و هەوڵەکان بۆ نووسینی رەخنە زۆر زۆر کەمن.

ئەی گریمان ئێمە خاوەنی رەخنەی زانستی و رەخنەگری پرۆفیشناڵین و دەقی رەخنەیی پێ بە پێی و هاوتەریبی داهێنانە ئەدەبییەکان هەنگاو ئەنێت، ئایا بەراستی ئێمە ئامادەی خوێندن و بیستنی رەخنەین؟ یان با بڵێم کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئێمە هەڵگری گوتارە رەخنەییەکانە؟ (وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خۆتان).

ئایا رەخنەمان وەك ژانرێکی ئەدەبی و داهێنانێکی ئەدەبی و دیاردەیەکی زمانی کە وەك ژووەر زمانێك لە ناو زماندا و بۆ خوێندنەوە و شیکار زمانی داهێنان پێ قبووڵە؟ یان ناوی رەخنەگرەکە لێمان ئەبێت بە ناوی دوژمنێك و وەهمی دەسیسە لە مێشکماندا دروست ئەبێ؟ یانی تا چەند حورمەتی رەخنەیەکی زانستییانە ئەگرین ئەگەر خەسارناسی داهێنانەکانی من و تۆی شاعیر و چیرۆکنووسی کردبێت؟

بەگشتی کێشەکان زۆرن و هەندێکیان زۆر بنەڕەتیترن لەوەی بەم ئاسانییە چارەیان بکەین، بەڵام هیچ نەبێ ناکرێ دان بەوەشدا نەنێم، کە لە پەنای ئەم هەموو کێشەیەدا جار و بار چاومان بە رەخنەی جیددیش دەکەوێ، کە بەراستی مایەی دڵگەرمییە.